# شەپۆلی دووەم یان شۆڕشی پیشەسازی

ن: ئالڤین تافلێر
و: مستەفا مەعروفی

سێ سەد ساڵ لەمەوبەر لە ماوەی نزیك بە نیو سەدە دا تەقینەوەیەك رووی دا كە شەپۆلەكانی سەرانسەری گۆی زەوییان وەلەرزە خست، كۆمەڵگەكانی تەنی و شارستانەتییەكی تەواو نوێی خولڤاند. ئەم تەقینەوەیە لە شۆڕشی پیشەسازی دابوو، هێزی هەڵكشان و داكشانە زەبەلاحەكەی كە هەر هەمان شەپۆلی دووهەمە، خۆی بە تەواوی دامەزراوەكانی رابردوو دا كێشاو شێوەی ژیانی چەندین میلیۆن مرۆڤی گۆڕی.

لە ماوەی دەیان هەزار ساڵ دا كە شارستانەتیی شەپۆلی یەكەم ( كشتو كاڵ) بە دەسەڵاتی تەواوەوە حاكم بوو، حەشیمەتی سەر رووی زەوی دابەش بوون بۆ سەر دوو گرووپ، "سەرەتایی"و "شارستانی". خەڵكی با بڵێین سەرەتایی لە شێوەی گرووپو خێڵەكان دا دەژیان و لە رێگەی كۆ كردنەوەی خۆراك، راو و راوەماسییەوە ژیانی خۆیان دابین دەكردو كەسانێك بوون شۆڕشی كشتو كاڵ هیچ شوێنەوارێكی لەسەر دانەنان. لەبەرامبەر دا جیهانی "شارستانی" ئەو بەشە لە گۆی زەویی گرتەوە كە خەڵكەكەی لەسەر زەوی كاریان دەكرد. بە واتایەكی دیكە لە هەر جێگەیەك كشتو كاڵ دەركەوت، شارستانییەتی ریشەی لە خاك دا داكوتا. لە چینو هیندستانەوە بگرە تا بەنەین و مەكزیكو یۆنانو رۆم، چەند شارستانەتی سەریان هەڵ داو دامركانەوە بە رەنگو پێكهاتەی بێ سنوورەوە شەڕیان لەگەڵ یەك كردو پێك هەڵ پڕژان.

بەڵام لەژێر رووكەشی ئەم جۆراوجۆرە دا هێندێك وێكچوونی بنەڕتی شاراوەیە: لە هەموو ئەمانە دا زەوی بوو بە بنەمای ئابووری، ژیان، فەرهەنگ، پێكهاتەی بنەماڵەو سیاسەت. ژیان لە مەودای گوندێك دا دەستی پێ دەكرد، دا دابەشبوونێكی سادە بەسەر كار دا زاڵ بوو وردە وردە كاسب و چینە دیارەكانی وەك ئەریستۆكراتەكان، پیاوانی ئایینی، جەنگاوەران، زەحمەتكێشانو كۆیلەو غولامەكان

دەرکەوتن. لە هەموو ئەمانەدا دەسەلآت بە تەواوی دیکتاتۆرانە بوو، میرات پلەو پایەی تاکی دیاری دەکرد.ئابووری پەراکەندە بوو، بە چەشنێك کە هەر ناوچەو گرووپێك زۆرترین پێداویستییەکانی خۆی بۆ خۆی دابین دەکرد. دیارە شتی ناوازەش دیتراوە، چونکە لە مێژوو دا هەموو شتێك وەك یەك نیە. فەرهەنگی بازرگانییش هەبوو، مەلەوانان دەریاکانیان دەبری. وردە وردە هەرێمە ناوەندییەکان لە دەورو بەری سیستەمەکانی ئاودێری دامەزران. سەرەرای ئەم جیاوازییانەش، بەلگەی تەواو لەبەر دەست دایە کە دەتوانین هەموو ئەو شارستانەتە بە روالەت جیاوازانە بە چەند بەشی تایبەتی دیاردەیەك دابنێین ، واتە شارستانەتیی کشتو کال، شارستانییەك کە بە هۆی شەپۆلی یەکەمەوە بلاو بۆوە.

لە ماوەی دەسەلآتی خۆی دا جاروبار هێندێك نیشانەو دیاردەی لە حالی گەشەکردن دا بەرچاو دەکەون. لە یەکێك لە دورگەکانی یۆنان لە سالی چوار سەدی بەر لە زایین، بورمە لە سالی سەدی بەر لە زایین چالی نەوت لی درا. لە میسر و بابل سیستەمی ئیداریی بەربلاو گەشەیان کرد. لە ئاسیاو ئەمریکای باشوور شارە گەورەکان پەرەیان گرت. پارەو ئالوویر هەبوو. جادە بازرگانییەکان دلی دەریاو زەریاو کیوەکانیان لە( چین) وە تا کالە شەق دەکرد. کۆمپانیاو نەتەوە لە ئاستی سەرەتایی دا بەرچاو دەکەوت، تەنانەت لە ئەسکەندەریە بە جۆرێك مەکینەی هەلم هەبووە.

بەلآم هێشتا لە هیچ کوێ شتێك کە بەراستی پێی بگوترێ شارستانەتیی پیشە سازی بەرچاو نەدەکەوت. ئەم نیشانانەی داهاتوو لە راستی دا رووداوە سەیرەکانی مێژوو بوون کە لە شوێنو کاتە جۆراوجۆرەکان دا دەبینران. ئەمانە قەت نەبوون بە سیستەمێکی رێکوپێك یان هەر نەیان دەتوانی بن. کەوابوو دەتوانین تا سالآنی ١٧٥٠=١٦٥٠ باس لە جیهانی شەپۆلی یەکەم بکەین. سەرەرای شوێنەواری رابردوو و نیشانەکانی داهاتوو، شارستانەتیی کشتو کال دەسەلآتی تەواوی بەسەر گۆی زەوی دا هەبوو و وا دەهاتە بەرچاو کە دەیەوێ بۆ هەمیشە هەر وا بمێنێتەوە.

ئەمە جیهانێك بوو کە لە پڕ شۆرشی پیشەسازیی تێدا دەرکەوت، "شەپۆلی دووهەم"ی وەرێ خست و دژە شارستانەتیەکی سەیر، بەهێزو لە رادەبەدەر بە وزەو توانای خولقاند. سیستەمی پیشەسازی شتێك بوو هەورازتر لە دووکەلکێشو هێلی بەرهەمی کارخانەکان و بەرهەمی زۆر. سیستەمێکی کۆمەلآیەتیی دەولەمەندو چەند لایەنەی پێك هێنا کە شوێنپێی لەسەر هەموو لایەنەکانی ژیان داناو تێکرای تایبەتمەندییەکانی رابردووی "شەپۆلی یەکەم"ی وەبەر تەوژمی خۆی دا. کارخانەی ویلۆرانی لە دەرەوەی شاری دیترۆی دامەزراند بەلآم تراکتۆری بۆ مەزرا، مەکینەی تایپی بۆ ئیدارەکان، سەلاجەی بۆ چیشتخانەکان هێنا. رۆژنامەی رۆژانەو سینەما، میترۆو فرۆکەی "دیسی= ٣"ی بەرهەم هێنا. دیکۆری دەرەوەی بینایەکانی بووهاوس،و کورسییە بارسێلۆنییەکان، مانگرتن، حەبە ڤیتامینییەکانو درێژکەرەوەی تەمەنی بە دیاری هێنا. سەعاتی دەستی و کیفی شانیی بە جیهانی کرد. لەوەش گرنگتر تەواوی ئەو شتانەی پێکەوە لکاندو وەکوو کەرەستەی ئوتوموبیلێك خستنییە

سەر یەك تا سیستەمی کۆمەڵایەتیی بەهێزتر، یەکگرتووترو کۆکراوەتر، بەناوی "شارستانییەتی شەپۆلی دووەم" بخولقێنێ، کە تا ئەو کاتە مرۆڤ بە خۆیەوە نەدیتبوو.

### ڕێگە چارەی توندوتیژی

هەر بەو جۆرەی شارستانەتیی شەپۆلی دووهەم کۆمەڵگەکانی دەتەنێ، شەڕێکی خوێناوی و دوورو درێژ لە نێوان پارێزەرانی کشتو کاڵو پارتیزانانی ئایندەی پیشەسازی لە گۆڕێ دابوو. هێزەکانی شەپۆلی یەکەم و شەپۆلی دووهەم لە بەرامبەر یەکتر دا لە سەر ڕێگەی خۆیان دا ئەوەی تووشی بووبان وەلایان دەنا. زۆر جار خەڵکی سەرەتایی هاتبانە سەر ڕێگەیان لە نێویان دەبردن. لە ویلایەتە یەکگرتووەکان ئەم تێکهەڵچوونە بە هاتنی ئەو ئورووپاییانەی بۆ دامەزراندنی شارستانەتیی کشتو کاڵ هاتبوونە ئەم وڵاتە، دەستی پێ کرد. شەپۆلی کشتو کاڵ بە ڕێبەرایەتیی سپی پێستەکان بێ بەزەییانە شاڵاوی بەرەو ڕۆژئاوا برد، سوور پێستەکانی بێ ماڵ و حاڵ کردو تا دەریای ئەتڵەس چووە پێشو لە وڵاتی وان دا گوندو زەویی کشتو کاڵیی ئاوەدان کردنەوە. بەڵام ناخۆشترین ڕووداو بۆ جووتیاران، هێرشی پیشەسازە سەرەتاییەکان بوو، بە واتایەکی دی فەرمانبەرانی داهاتووی شەپۆلی دووهەم. شارو کارخانەکان لە نیو ئینگلەندو ویلایەتە ناوەندییەکانی لێواری ئاتلاتیك وەکوو کارگ لە زەوی هەڵ تۆقین. لە نێوەراستەکانی سەدەی ١٩ دا بەشێکی پیشەسازی لە باکووری ڕۆژهەڵاتی ئەمەریکا بوو، بە خێرایی گەشەی کردو چەکی گەرم، سەعات، ئامرازی کشتو کاڵ، چنینو ڕستن، مەکینەی خەیاتیو کەلوپەلی دیکەی بەرهەم دێنا. لە حاڵێك دا بەشەکەی تری ئەمەریکا هێشتا لەژێر دەسەڵاتی خاوەن بەرهەمە کشتو کاڵییەکان دابوو. کێشە ئابووریو کۆمەڵایەتییەکانی نێوان هێزەکانی "شەپۆلی یەکەم"و "شەپۆلی دووهەم" دا تا ساڵی ١٨٦١ بەو پەڕی خۆی گەیشتو لەو ساڵەدا بوو بە توندو تیژیی چەکدارانە.

شەڕە نێو خۆییەکانی ئەمەریکا بەو جۆرەی کە زۆر کەس پێیان وایە، هەمووی لەسەر مەسەلەی ئەخلاقیی کۆیلەتی یان مەسەلەی سنوورە ئابوورییەکانی وەك باجو گومرگ بوو، ڕووی نەدا، بەڵکوو مەسەلەیەکی گەورەتری دەگرتەوە کە بریتی بوو لەوەی ئایا وڵاتێکی دەوڵەمەندی نوێ دەبێ بە هۆی جووتیارانەوە بەڕێوە ببری یان بە هۆی پیشەسازانەوە؟ هێزەکانی شەپۆلی یەکەم دەسەڵاتدار بن یا هێزەکانی شەپۆلی دووهەم؟ ئایا کۆمەڵگەی ئەمەریکا لە داهاتوو دا هەر دەبێ کشتو کاڵی بێ یان پیشەسازی؟ بە سەرکەوتنی سوپای باکوور، کار لە کار ترازا. دەبوو ویلایەتە یەکگرتووەکان پیشەسازی بێ. لەوکاتە بە دواوە کشتوکاڵی لە هەموو بوارەکان دا چ ئابووری، چ سیاسی، چ ژیانی کۆمەڵایەتیو چ ڕۆشنبیری پاشەکشەی کردو پیشەسازی حاکم بوو. شەپۆلی یەکەم بە سەرهەڵدانی شەپۆلی دووهەم، دامرکا. نموونەی ئەم تێکهەڵچوونە شارستانیانە لە جێگەی دیکەش دا ڕووی دا. لە ژاپۆن بە گەڕانەوەی میجی وەك ئیمپڕاتۆر لە ساڵی ١٨٦٨ دا هەمان کێشەی نێوان ڕابردووی کشتو کاڵو داهاتووی پیشەسازی بەڵام بە شێوە

ژاپۆنییەکەی، دووپات بۆوە. هەڵوەشاندنەوەی فیۆدالیزم لەساڵی ١٨٧٦ دا، راپەڕینی خێڵی سیتسووما لە ساڵی ١٨٧٧ دا، هێنانی دەستووری رۆژئاوایی لە ١٨٨٩ دا، هەموویان وەك رەنگدانەوەی کێشەی نێوان شەپۆلی یەکەمو دووهەم لە ژاپۆن دا سەیر دەکرێن. ئەمانە لەکەڵ لە دایك بوونی ژاپۆن وەك هێزێکی پێشرەوی پیشەسازی لە جیهان دا هاوئاهەنگ بوون.

لە رووسیاش دا هەر ئەم کێشەیە لە نێوان هێزەکانی شەپۆلی یەکەمو دووهەم دا رووی دا. شۆڕشی ١٩١٧ نموونەی رووسی شەڕی نێو خۆی ئەمریکا بوو. هەر لە بنێ را بەو جۆرەی کە گوتراوە شەڕ لەسەر کۆمۆنیزم نەبوو، بەڵکوو لەسەر بوونە پیشەسازی بوو. ئەوکات کە بەلشەویکەکان دوایین شوێنەوارەکانی دەرەبەگییان سڕیەوە، و کۆتاییان بە فەرمانڕەوایی فیۆداڵەکان هێنا، کشتو کاڵیان بەرەو وەرچەرخانێکی قووڵو بە پەلە پاڵ پێوە نا. بەم کارە ئەوانیش حیزبی شەپۆلی دووهەمیان دامەزراند. لە وڵاتێکەوە بۆ وڵاتێکی دیکە قازانجەکانی شەپۆلی یەکەم و قازانجەکانی شەپۆلی دووهەم هەروا لە کێشە دابوون و دەبووە هۆی قەیرانە سیاسییەکان، بزووتنەوەکان، مانگرتن و راپەڕینەکان، کوودەتاو شەڕەکان. هەرچۆنێك بێ لە نێوەڕاستەکانی سەدەی بیستەم دا هێزەکانی شەپۆلی یەکەم تێك شکانو شارستانەتیی شەپۆلی دووهەم بەسەر گۆی زەوی دا زاڵ بوو.

ئەمڕۆ پشتێنەیەکی پیشەسازی هێڵی بیستو پێنجو بیستو شەشی نیوەی باکووری گۆی زەویی داگرتوە. لە ئەمریکای باکوور نزیکەی ٢٥٠ میلیۆن کەس بە شێوەی پیشەسازی دەژین. لە ئورووپای رۆژئاوا، لە باشووری سکاندیناڤی تا ئیتالیاش ژیانی چارەگە میلیاردیکی دیکەش بەم شێوەیە. لە رۆژهەڵات لە ناوچەی پیشەسازی "رۆژهەڵاتی ئورووپا" و ناوچەکانی رۆژئاوای یەکیەتیی سۆڤیەت(پێشوو)یش نزیکەی چارەگە میلیاردێکی دیکە لە کۆمەڵگە پیشەسازییەکان دا دەژین و سەرەنجام دەگەینە ناوچەی پیشەسازیی ئاسیا کە بریتییە لە ژاپۆن، هۆنگ کۆنگ، سەنگاپوور، تایوان، ئوسترالیا، نیوزلاند، چەند بەش لە کۆریای باشوورو چین کە چارەگە میلیاردێکی دیکە حەشیمەتی پیشەسازی پێك دێنێ. شارستانەتیی پیشەسازی بە هەموویەوە میلیاردێك مرۆڤ دەگرێتەوەکە چواریەکی هەموو حەشیمەتی جیهانە. سەرەڕای جیاوازییەکانی وەك زمانو فەرهەنگ، مێژوو و سیاسەت، کە شەڕێکی زۆریان لەسەر کراوە، هەموو کۆمەڵگەکانی شەپۆلی دووهەم خاوەنی تایبەتمەندیی هاوبەشن. لە راستی دا لەژێر جیاوازییە بەرچاوەکان دا، بنەما هاوبەشەکان دەبینرێن.

بۆ تێگەیشتن لە شەپۆلە بە تەوژمەکانی ئاڵوگۆڕ دەبێ بتوانین پێکهاتە وێکچووەکانی هەموو وڵاتانی پیشەسازی بناسین کە لە راستی دا چوارچێوەی نادیاری شارستانەتیی شەپۆلی دووهەم پێك دێنن. ئەم چوارچێوە پیشەسازییەیە کە لە هەموو لایەکەوە گەشە دەکا.

### باترییەکانی ژیان

بۆ مانەوەی هەر شارستانەتییەك، چ کۆن، چ نوێ، وزە پێویستە. کۆمەڵگەکانی شەپۆلی یەکەم وزەی خۆیان لە "باترییەکانی ژیان" واتە هێزی

ماسولکەی ئاژەڵ، مرۆڤ یان خۆرو با و ئاگر وەردەگرت. داری دارستانەکانیان بۆ لێنانی چێشت یان دابین کردنی گەرما، دەبڕی. چەرخی ئاوێ کە هێندێکیان بە هەڵکشان داکشانی دەریا هەڵ دەسووڕان، بەردی ئاشێی وەگەڕ دەخست.

ئامرازە باییەکان لە مەزراکان لوورەیان دەهات. ئاژەڵەکان گاسنەکانیان بە دوای خۆیان دا رادەکێشا. وایان لێك داوەتەوە لە ئورووپا تا سەردەمی شۆڕشی فەرانسە، وزەی پێویست تا١٤ میلیۆن سەر ئەسپو ٢٤ میلیۆن سەر گاوگۆل، دابینی دەکرد. کەوابوو هەموو کۆمەڵگەکانی شەپۆلی یەکەم کەڵکیان لەو سەرچاوە وزەییانە وەر دەگرت کە دەژینەوە. سروشت دەتوانێ ئەو دارستانانەی دەبڕینەوە، ئەو بایەی پەڕەکان هەڵ دەسووڕێنێ، و ئەو رووبارەی چەرخەکان وەگەڕ دەخا، هەموان بژێنێتەوە. تەنانەت ئاژەڵو مرۆڤ کە "کۆیلەکانی وزە" بە حیساب دەهاتن، قابیلی ژیانەوەن. بە پێچەوانەوە، تەواوی کۆمەڵگەکانی شەپۆلی دووهەم وزەی پێویستیان لە رەژی و گازو نەوت، واتە سووتەمەنییە فوسیلییەکان کە ناژینەوە، دابین دەکرد.

جێگۆڕکێی شۆڕشی کانگاکانی جۆری دووهەم لە جێی جۆری یەکەم لەوە را دەستی پێ کرد کە (نیوکامن) ساڵی ١٧١٢مەکینەی هەڵمی داهێنا: بۆ یەکەم جار شارستانەتییەك دەرکەوت کە زیاتر لە سەرمایەی دەخوارد تا لە قازانجی پارە. ئەم سیستەمە بە هەڵێنجانی پاشەکەوتی وزە لە قووڵایی زەوی دا، جۆرێك یارمەتیی ماڵیی شاراوە(سوبسید)ی بۆ شارستانەتیی پیشەسازیی خۆی دابین دەکرد تاکوو هەڵدانی ئابووریی خۆی زیاتر بکا. لەو کاتەوە تا ئێستا شەپۆلی دووهەم بە هەر جێگەیەك دا تێ پەڕیوە، وڵاتەکان بەو خەیاڵە کە دەتوانن هەتا هەتایە کەڵك لە سووتەمەنییە فوسیلییەکان وەردەگرن، دەستیان کرد بە داڕشتنی پێکهاتەی گەورەو بەرزەفڕانەی ئابووریو تەکنیکی. لە کۆمەڵگە پیشەسازییەکان دا، چ سەرمایەداری چ کۆمۆنیست، لە رۆژهەڵات لە رۆژئاوا، گۆڕان لە وزەی پەڕاکەندەوە بۆ وزەی "متمرکز"، لە وزەی قەرەبووکراوەوە بۆ وزەی قەرەبوو نەکراو، لە سەرچاوەی جۆراوجۆرەوە بۆ سەرچاوەی سنووردار، بەرِوونی بەرچاو دەکەوێ. سووتەمەنییە فوسیلییەکان بناخەی کۆمەڵگەکانی دووهەمی پێك هێنا.

## منداڵدانی تەکنۆلۆژیك

قەڵەمباز بەرەو سیستەمی نوێی وزە هاوکات بوو لەگەڵ پێشکەوتنیگەورەی تەکنۆلۆژی. کۆمەڵگەکانی شەپۆلی یەکەم بەستراوە بەشتێك بوون کە ڤیترۆڤیووس دوو هەزار ساڵ لەمەوبەر ناوی نا "داهێنانە پێویستەکان" بەڵام ئەم سلنگ، گاسن مەنجەنیق، چەرخو ئەو ئەهرۆمانە لە بنەڕەت دا بۆ بەهێز کردنیماسولکەکانی مرۆڤ یان ئاژەڵ بەکار دەهاتن.

شەپۆلی دووهەم تەکنۆلۆژیی خستە سەر رێگەیەکی تەواو نوێوە. ماشێنە کارەباییو میکانیکییە گەورەکان، ئامرازی جووڵان، قاییشو لوولە، یاتاقان، پێچو مۆرە، هەر هەموویان ژینگەیان پڕ کرد لە دەنگو هەرا. ئەو ماشێنانە رۆڵێکی زیاتر لەماسوولکەکانی مرۆڤیان دەگێڕا.

شارستانییەتیی پیشەسازی ئەندامی هەستیاری بە تەکنۆلۆژی بەخشی، ماشێنی وای دروست کرد کە دەتوانێ ببینێ، ببیسێو هەست بکا. ئەویش بە راستیو وردبینییەکی زیاتر لە مرۆڤ. شەپۆلی دووهەم بە داهێنانی ماشێنی نوێ کە دەتوانن ماشێنی نوێی وەك خۆیان بەرهەم بێنن= واتە ماشێنەکانی بەرهەم هێنەری ئامراز بوون کە منداڵدانی پێشکێش بە تەکنۆلۆژی کرد. لەوەش گرنگتر ئەوە کە ئەم شارستانییەتە دەزگاو ماشێنەکانی لە ژێر سیستەمێکی پێکەوە بەسراوەی وزەی قەرەبوو نەکراوە دا، راستەوخۆ ناردە نێو سیستەمی بەرهەمی زۆرەوە. ئەمەش بە نۆبەی خۆی سێلاوی کالاکانی دەناردە نێو سیستەمی زۆر پێشکەوتوو بە دابەشکردنی زۆرەوە.

بنەماڵەیەك بە کاریگەریی زیاترەوە بەلام پاش ئەمە تەکنیکی شەپۆلی دووهەم پێویستیی بە "دۆخی کۆمەلایەتی" هەبوو کە هەر بەو رادەیە شۆرشگێرانە بێ تا بتوانێ لەگەڵی دا بگونجێ. ئەم دۆخە پێویستیی بەو رێکخراوە کۆمەلایەتییانە هەبوو کە بە تەواوی نوێ بن.

بەرلە شۆرشی پیشەسازی، بۆ نموونە، شێوەی بنەماڵە لە جێگەیەکەوە بۆ جێگەیەکی دیکە جیاواز بوو، بەلام لە هەر جێگەیەك کشتو کاڵ پەرەی گرت، خەڵك حەزیان لە بنەماڵەی گەورەو چەند وەرەسەیی بووکە لە مام، خاڵ، پوور، کەسو کاری ژنو مێرد، دایە گەورەو بابە گەورە پێك دەهات، کە هەموویان لە چوارچێوەی ماڵێك دا دەژیانو وەك یەکەیەکی ئابووری پێکەوە کاریان دەکرد. لە جۆرەکانی ئەم بنەمالانە دەتوانین ئاماژە بە بنەماڵەی بە کۆمەڵ لە هیند، بنەماڵەی زادروگا لە باڵکان، بنەماڵەی بەربلاو لە رۆژئاوای ئورووپا بکەین. بنەماڵە چەقیو و وەستاو بوو، هەر دەتگوت ریشەی لە خاك دایە.

بە دەست پێکردنی شەپۆلی دووهەم لە کۆمەڵگەکانی یەکەم دا، بنەماڵە هەستی بە گوشاری ئاڵوگۆڕ کرد. لەنێو هەر بنەماڵەیەك دا تەوژمی شەپۆلی پێشڕەو بە شێوەی دژایەتی، هێرش بۆسەر دەسەلاتی باوك سالاری و پێوەندیی گۆڕاوی دایك و باوك و منداڵەکان و چەمکی نوێی دابونەریت دەرکەوتن. بە گۆڕانی بەرهەمهێنانی ئابووری لە مەزراوە بۆ کارخانە، ئیدی ئەندامانی بنەماڵە وەك یەکەیەك پێکەوە کاریان نەدەکرد.

بە پێویست بوونی کرێکار بۆ کارخانەکان، ئەرکە بنەڕەتییەکانی بنەماڵە بە دامەزراوە پسپۆڕەکانی دیکە سپێردرا. پەروەردەو فێر کردنی منداڵان کەوتە ئەستۆی قوتابخانەکان، چاوەدێریو پاراستنی پیرەکان بە ئاسایشگەکانو ناوەندەکانی گوزەران سپێردرا. لەوەش زیاتر کۆمەڵگەی نوێ پێویستیی بەبزاڤ (جووڵە) هەبوو.کرێکاری پێویست بوو بەدوای کار دا بچێتە ئێرەو ئەوێ. بنەماڵەی گەورە کە بەرپرسی خزمی پیرو نەخۆشو نەقوستانی لەسەر شان بو و منداڵێکی زۆریشی لەسەر بار بوو، نەی دەتوانی لە جێی خۆی ببزوێ. کەوابوو پێکهاتەی بنەماڵە وردەوردە بە ئەزموونی زۆر دڵتەزێن دەستی بە گۆڕان کرد. کۆچ کردن بۆ شارەکان کۆڕی گەرمی بنەماڵەی شێواند. قەیرانە ئابوورییە ماڵوێرانکارەکان بنەماڵەکانی ناچار کرد خۆیان لە ژێر باری گرانی خزمی نەخوازراو دا رزگار بکەن و لە ئاکام دا

بچووکترو بچووکتر ببنەوە تا جوولانێکی زیاتریان هەبێ‌و لە ئاکام دا بتوانن لە گەڵ "دۆخی تەکنیکی" زیاتر بگونجێن. بنەماڵەی ناوکی پێکهاتوو لە: باوك، دایك‌و ژمارەیەکی کەم منداڵ، بەبێ خزمی نەخوازراو، بوو بە نموونەیەکی نەخوازراو و ستانداردی هەموو کۆمەڵگەیەکی پیشەسازی، جا چ سەرمایەداری‌و چ سۆسیالیستی. تەنانەت لە ژاپۆن کە پیرەکان حورمەتێکی زیاتریان هەیە، بنەماڵەی گەورەو چەند وەرەسەیی کە ئەندامانی یەکجار زۆر تێکەڵاون، بە پێشکەوتنی شەپۆلی دووهەم لێك هەڵوەشا. وردە وردە ژمارەی بنەماڵە ناوکییەکان زۆر بوون. بە کورتی بنەماڵەی ناوکییش وەك سووتەمەنییە فوسیلییەکان، کارخانەی تواندنەوەی ئاسن‌و فرۆشگە زنجیرەییەکان هاتە ریزی لایەنە دیارەکانی کۆمەڵگەکانی شەپۆلی دووهەم کە ئەوانی لە کۆومەڵگەکانی شەپۆلی یەکەم جیا دەکردەوە.

### بەرنامەی وانەی کۆتایی

بە گوازرانەوەی کار لە مەزراو بنەماڵەوە، دەبووا منداڵان بۆ ژیان‌و کار لە کارخانەکان دا ئامادە کرابان. خاوەن کانگا سەرەتاییەکان‌و کارخانەکان‌و ئاشەکان لە بەریتانیای روو لە پیشەسازی دا هەروەك ئاندریۆ یۆرۆ لە ساڵی ١٨٣٥ دا نووسی، بۆیان دەرکەوت: " راهێنانی کەسانی کامڵ جا چ گوندنشین‌و چ کەسانێك کە لە پیشە دەستییەکان دا کار دەکەن بۆ کاری بەسوود لە کارخانەکان دا نابن." ئامادە کردنی لاوان بۆ سیستەمی پیشەسازی زۆر لە گیروگرفتەکانی ئەم سیستەمەی بەرادەیەکی زۆر چارەسەر دەکرد. لە ئاکام دا پێکهاتەیەکی ناوەندیی دیکە بۆ کۆمەڵگەکانی شەپۆلی دووهەم پێك هات کە بریتی بوو لە پەروەردەو فێرکرنی گشتی.

پەروەردەو فێرکردنی گشتی کە لە سەرمۆدێلی کارخانەکان دارێژرابوو، خوێندنەوە، نووسین‌و هێندێکیش بیرکاری‌و مێژووو بابەتی دیکەی فێر دەکرد. ئەمە "بەرنامەی دەرسیی بە ئاشکرا" بوو. بەڵام لەپشت ئەمە دا "بەرنامەیەکی دەرسیی نهێنی" هەبوو کە زۆر ئاشکرا نەبوو و سەرەکی تر بوو: ئەم بەرنامەیە کە ئێستاش لە زۆربەی وڵاتانی پیشەسازی دا باوە، بریتییە لە سێ وانە : وانەی رێزگرتن لە کات، وانەی ملکەچی‌و پەیرەوی کردن، وانەی دووپات کردنەوەی تووتیانە. کار لە کارخانەکان دا پێویستیی بە کرێکاری وا هەبوو، بەتایبەتی لە کاری زنجیرەیی دا، لە کاتی خۆی دا ئامادە بن‌و فەرمان لە بەرپرسی سەرەوە وەربگرن‌و بێ پرسیارو وەڵام فەرمانەکان بەرێوە بەرن . سەرەنجام ، کارخانە پێویستیی بەو ژن‌و پیاوانە هەیە کە نۆکەری ئالقە لەگوێی ماشێن و ئیدارە بن‌و کاری زۆرو یەك چەشنەو دووپاتە بێ ئەم لاو ئەولا، ئەنجام بدەن. کەوابوو لە نیوەراستەکانی سەدەی ١٩ بەم لاوە بە هێرشی شەپۆلی دووهەم لە وڵاتێکەوە بۆ وڵاتێکی دیکە پێشکەوتنێك لە بواری پەروەردەو فێرکردن دا وەدی هات. منداڵان لە تەمەنی خوارەوەتر دا دەستیان بە خوێندن کردو ساڵی خوێندن هەر درێژو درێژتر دەبۆوە. ( لە ئەمریکا لە نێوان ساڵانی ١٨٧٨تا ١٩٥٤ دا نزیکەی ٣٥٪ بە ساڵی خوێندنەوە زیاد بوو). ساڵی خوێندن هەروا بێ وچان زیاد دەبوو.

ئاشکرایە کە پەروەردەو فێرکردنی گشتی لە روانگەی مرۆڤایەتییەوە وەك هەنگاوێك بەرەو پێشەوە سەیری دەکرا. هەروەك کە گرووپێك لە فیتەرو کرێکارانی شار نیۆیۆرك لە ساڵی ١٨٢٩ دا رایان گەیاند، ئێمە پاش ژیانو ئازادی، پەروەردەو فێرکردنمان پێ گەورەترین بەهرەیە کە پێشکەش بە مرۆڤایەتی کراوە. بەم جۆرە قوتابخانەکانی شەپۆلی دووهەم نەوە دوای نەوە لاوانی وەك ماشێن و هێزی کاری رێکوپێك، بەرێوشوێن بەو جۆرەی تەکنۆلۆژیی ئەلیکتریکیو هێڵی بەرهەمهێنان پێویستیان بوو، هێنایە مەیدان. ئەگەر هەموو ئەو شتانەی سەرەوە پێکەوە هەڵ سەنگێنین، بەو ئاکامە دەگەین کە بنەماڵەی ناوکی و قوتابخانە بە شێوەی کارخانە، بەشێك لە سیستەمێکی یەکپارچە پێك دێنن بۆ ئەوەی لاوەکان بۆ ئەو رۆڵەی ناو کۆمەڵگەی پیشەسازی ، ئامادە دەکەن. لەم روانگەیەوە کۆمەڵگەی شەپۆلی دووهەم چ سەرمایەداریو چ کۆمۆنیزم، چ باکوور چ باشوور، جیاوازییەکی ئەوتۆیان پێکەوە نیە.

### بوونەوەرە نەتواوەکان

لە هەموو کۆمەڵگەکانی شەپۆلی دووهەم دا دامەزراوەیەکی سێهەم پێك هات کە بواری چاوەدێریی کۆمەڵایەتیی دوو نیهادەکەی دیکەی فرەوانتر کرد. ئەم نیهادە داهێنانێك بوو بە ناوی "کۆمپانیای هاوبەش". تا ئەوکاتە دامەزراوە بازرگانییەکان لە پاوانی کەسێك، بنەماڵەیەك یان ژمارەیەك شەریك دابوون. دیارە هێندێك کۆمپانیا هەبوون بەڵام ژمارەیان زۆر کەم بوو.

تەنانەت تا شۆرشی ئەمریکا بە پێی بۆچوونی مێژووناسی بازرگانی" ئارتۆر دووینگ "کەس نەی دەتوانی بیر لەوە بکاتەوە کە رۆژێك کۆمپانیای هاوبەش لەجێی خاوەندارەتیی تاكو کۆ، ببێتە چوارچێوەی سەرەکیی رێکخستنێك. تا ساڵی ١٨٠٠ تەنیا ٣٣٥ کۆمپانیای هاوبەش لە ئەمریکا داهەبوون کە زۆربەیان خەریکی چالاکییە نیوە گشتییەکانی وەك دروست کردنی کەناڵەکان یان مەیدانەکانی راکردن بوون.

پەرەگرتنی بەرهەمی زۆر هەموو ئەم شتانەی گۆڕین. تەکنۆلۆژیی شەپۆلی دووهەم زیاتر لەوەی پێویستیی بە تاکێك یان گرووپێکی بچووك هەبێ، پێویستیی بە سەرمایە هەبوو. تا ئەو کاتەی مەترسیی ئەوە لە گۆڕێ دا بوو کە سەرمایەدارو شەریکەکان هەموو سامانەکانی خۆیان لە دەسمایەدانان دا لە دەست بدەن، خۆیان لە لەمەترسی هاویشتنی پارەکانیان لە گەمەی گەورەو پڕ مەترسی دەپاراست. بەڵام بە هێنانە گۆڕی چەمکی بەرپرسی سنووردار ئەو ترسەیان شکا.ئەگەر کۆمپانیایەك شکستی خواردبا، ئەوەی دەسمایەی داناوە، تەنیا ئەو پارەی لە دەست دەدا کە وەك دەسمایە داینابوو نەك زیاتر. ئەم داهێنانە نوێیە رێگەی بۆ دەسمایە دانان کردەوە.

جگە لەوەش دادگا یان کۆمپانیای هاوبەش وەك "بوونەوەرێکی نەتواوە" هەڵسوکەوتی دەکرد. واتە دەی توانی لە دامەزرێنەرەکەی زیاتر بژی. لە ئاکام

دا دەرفەتی ئەوەی پێ درا کە پلانی درێژخایەن بەرێوە بەریۆ گەلاڵەی گەورەتر لە چاو رابردوو دابرێژێ. لە ساڵی ١٩٠١ دا یەکەم کۆمپانیای هاوبەش بایی یەك میلیارد دۆلار بەناوی "پۆلای ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا" هاتە مەیدان کە لە راستی دا کۆکراوەیەك لە سامانە گەورەکان بوو کە تا ئەو کاتە بە بیری کەس دا نەدەهات. تا ساڵی ١٩٦٩ پێنج، شەش یەکە لەم کۆمپانیانە پێك هاتن. لەراستی دا کۆمپانیا هاوبەشە گەورەکان وەك توخمێکی جیانەکراوەی ژیانی ئابووریی لی هات. لە هەموو وڵاتانی پیشەسازی دا بە وڵاتانی سەرمایەداریو کۆمونیستیشەوە، دیارە بەشێوەی جیاواز (لەرووی رێکخستنەوە) بەڵام لە بنچینەدا هەر هەمان شت بوون. ئەم سێ توخمە، واتە بنەماڵەی ناوکی، قوتابخانە بە شێوەی کارخانەو کۆمپانیا هاوبەشە زەبەلاحەکان بە دامەزراوە کۆمەڵایەتییە بەناوبانگەکانی کۆمەڵگەی شەپۆلی دووهەم بە حیساب دەهاتن.

لەسەرانسەری جیهانی شەپۆلی دووهەم دا، لە ژاپۆنەوە بگرە تا سویس، بەریتانیا، پۆلۆنیا، ئەمەریکاو یەکیەتیی سۆڤیەت، زۆر لە خەڵك رێگە ژیانێکی وەك یەکیان برِی. ئەوان لە بنەماڵەی ناوکی دا پەروەردە کران. لە رێگەی قوتابخانەکانی وەك کارخانەوە تێکەڵ بە سێلاوی حەشیمەت بوون، و سەرەنجام بوونە خزمەتکاری کۆمپانیایەکی گەورەی تایبەتییان دەوڵەتی. هەر دامەزراوە گرنگی شەپۆلی دووهەم بەسەر هەر قۆناغێکی ژیاندا زاڵ بوو.

## کارخانەی مۆسیقا

لەدەوروبەری ئەم دامەزراوە ناوەندیانە دا رێکخراو و رێکخستنی دیکەش پێك هاتن. وەزارەتخانە دەوڵەتییەکان، یانە وەرزشییەکان، کلیساکان، ژوورەکانی بازرگانی، رێکخراوە پیشەییەکان، حیزبە سیاسییەکان، کتێبخانەکان، ئەنجومەنە نەتەوەیییەکان، گرووپە تۆریستییەکانو هەزاران رێکخراوی دیکە بە هاتنی شەپۆلی دووهەم لێرەو لەوێ سەریان وەدەر ناو شێوە ژیانێکی رێکخراو و پڕ گرێو گۆڵیان خولقاند، کە لەو دا هەر گرووپێك خزمەتی بەوی دیکە دەکردو یەکتریان رێکوپێکتر دەکردو کاری یەکتریان راست دەکردەوە.

لە یەکەم تێڕوانین دا، جۆراوجۆریی ئەم گرووپانە وەك دیاردەیەکی بەرێکەوتو نارێکوپێك دەهاتە بەرچاو. بەڵام بە تێڕوانینێکی وردتر رووی شاراوە دەردەکەوێ. لە وڵاتانی شەپۆلی دووهەم یەك بە دوای یەك دا نوێخوازانی کۆمەڵ لە سەر ئەو باوەڕە کە کارخانە پێشکەوتووترینو بەکارترین دامەزراوی بەرهەمهێنانە، هەوڵیان دا رێوشوێنە گشتییەکەی لە رێکخراوەکانی دیکەش دا بەکار بێنن. کەوابوو، قوتابخانەکان، نەخۆشخانەکان، زیندانەکان، نەزمی ئیداریی دەوڵەتیو رێکخراوەکانی دیکە، زۆر لە تایبەتمەندییەکانی کارخانەیان وەك: دابەشکردنی کار، پێکهاتە لەسەر بنەماکانی سەنترالیزمو تایبەتمەندیی بێ ناسنامەیی ماشێنیان بە خۆیانەوە گرت.

تەنانەت لە هونەریش دا یاسا گشتییەکانی کارخانە بەدی دەکەین. بەجێگەی کار کردن بۆ هۆگرێك بەو جۆرەی لە ماوەی دەسەڵاتی دوورو

درێژی شارستانەتیی کشتو کاڵ دا باو بوو، مووسیقییەکان، هونەرمەندان، ئاهەنگسازانو نووسەران، هونەری خۆیان بەڕادەیەکی زۆرەوە خستە خزمەتی بازاڕەوە. بەرهەمەکانیان زیاترو زیاتر پێشکەشی ئەو کڕیارانە دەکرد کە هیچیان لی نەدەزانین. لەم گۆڕانە دابوو لە هەموو وڵاتانی شەپۆلی دووهەم دا پێکهاتەی بەرهەمی هونەری ئاڵوگۆڕی بەسەر داهات.

مۆسیقا بۆ نموونە جێی سەرنجە. بە هاتنی شەپۆلی دووهەم هۆڵەکانی کۆنسێرت لە لەندەن، ڤییەننا، پاریسو شوێنی دیکە دروست کران. ئەم هۆڵانە کابینی بلیت فرۆشتنی و بەڕێوەبەریی کۆنسێرتیان بە دیاری هێنا. واتە ئەو بازرگانەی خەرجی هونەری بەرهەم هاتووی دەکێشا، بلێتی بە کڕیارە هونەرییەکان دەفرۆشت.

سروشتییە بە فرۆشتنی بلێت پارەیەکی زیاتر کۆدەبۆوە. کەوابوو، ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ کورسیی زیاتر بە هۆڵەکانەوە زیاد دەبوو. هۆڵی گەورەتر بە نۆبەی خۆی پێویستیی بە دەنگێکی سافتر هەبوو، واتە ئەو هۆڵانەی کە دەبووا لەسەر دوایین کورسییش دەنگی موسیقا بەڕوونی بەرگوێ کەوتبا. لە ئاکام دا موسیقای مەجلیس بوو بە موسیقای سەمفۆنیك. کۆرت ساکس لە کتێبە بەناوبانگەکەی "مێژووی ئامێرە موسیقییەکان" دا دەنووسێ:" پەڕینەوە لەفەرهەنگێکی ئەریستۆکراسییەوە بۆ فەرهەنگێکی خەڵکی لە سەدەی هەژدەهەم دا هۆڵەگەورەکانی کۆنسێرتی لەجێی هۆڵە بچووکەکان دانا کە پێویستیان بە دەنگێکی ڕوونتر هەبوو." لەبەر ئەوە کە تەکنۆلۆژیی ئەم کارە گرنگە ئامادە نەبوو، بەناچار سازو ژەنیارێکی زیاتر بەکار هێنران تاکوو زایەڵیەکی زیاتری هەبێ. لە ئاکام دا کۆنسێرتی سەمفۆنیایی نوێ هاتە کایەوە. بۆ دامەزراوەی پیشەسازی بوو کە بیتهۆڤن، مەندیلسۆن، شۆبێرتو برامیس چەندین سەمفۆنیای بەشکۆیان نووسی.

ئۆرکێسترا تەنانەت پێکهاتە دەروونییەکەشی ڕەنگدانەوەی هێندێك لە تایبەتمەندییەکانی کارخانە بوو. لەسەرەتا دا ئۆرکێسترای سەمفۆنی بێ ڕێبەر بوو یان ڕێبەرایەتییەکەی لە ژەنیارێکەوە بۆ ژەنیارێکی دیکە دەگوازرایەوە. پاشان ژەنیارەکان وەك کرێکارانی کارخانە یان کارمەندانی ئیدارە بەسەر چەند بەش دا (گرووپی سازەکان) دابەش دەبوون کە هەر بەشێك یارمەتیی بە بەرهەمی گشتیی (موسیقا) دەکردو بەهۆی بەڕێوەبەرێکی سەرەوە(ڕێبەری ئۆرکێسترا) ڕێك دەخرا. تەنانەت وردەوردە جێگرێك لە ئاستێکی نزمتر دا لە پلەی بەڕێوەبەری دا( یەکەم ڤیۆلۆنیست یان سەرۆکی سازەکان) دەرکەوت. دامەزراوەی نوێ بەرهەمەکەی دەناردە بازاڕی بەربڵاوەوەو وردەوردە دیسکی فۆنۆگراف لە بازاڕی جیهانی دا دەرکەوت.

کورتەمێژووی ئۆرکێسترا تەنیا نموونەیەکە لە چۆنیەتیی گۆڕانی دۆخی کۆمەڵایەتیی شەپۆلی دووهەم بۆ سێ جیهانی ناوەندی و هەزاران تەنزیمی جۆراوجۆر کە هەموویان خۆیان لەگەڵ نیازو شێوەکانی "دۆخی تەکنیکیـ پیشەسازی" دا ڕێك دەخست. هەموو شارستانەتییەکان پێویستیان بە "دۆخی زانیاری" یش هەیە بۆ ئەوەی خەریکی

بەرهەمهێنان‌و دابەشکردنی زانیاری بن. لەم بوارەش دا ئەم ئاڵوگۆڕانەی شەپۆلی دووهەم لەگەڵ خۆی هێنانی،دیارە.

### تۆفانی کاغەز

هەموو گرووپە مرۆییەکان لەسەرەتاوە تا ئەمڕۆ پێویستییان بە پێوەندیی رووبەڕوو هەبووە. بەڵام بۆ ناردنی پەیام لە سەردەمێکەوە بۆ سەردەمیك‌و لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی دی، پێویستیی بە هێندێك سیستەم هەبووە. دەڵێن ئێرانییە کۆنەکان بورج یان پۆستی هەواڵیان دروست دەکرد کە پیاوی دەنگ بەرزو دەنگ زەلامیان لەسەر دادەنان تا پەیامەکان بە دەنگ‌و هاوار لە بورجێکەوە بۆ بورجێکی دی بگوازنەوە. رۆمییەکان سرویسێکی بەربلاوی پەیام گەیاندنیان بە ناوی "کوروس پابلیکوس" هەبوو. لەنێوان ساڵانی ١٣٠٥و سەرەتای ١٨٠٠ دا تاکسی بە ئەسپی خۆشڕەو جۆرێك خزمەتی خێرای لە سەرانسەری ئورووپادا پێشکەش دەکرد. لە ساڵی ١٦٢٨ دا نزیکەی بیست هەزار کەسی دامەزراند. نامەبەرەکان هەموویان یۆنیفۆرمێکی شین‌و زێوینیان لە بەر دەکرد. ئەمانە سەرانسەری ئورووپایان دەپێوا تا لە نێوان شازادەکان، ئەمیرانی سوپا، بازرگانان‌و سووت خۆران دا پەیام بێنن‌و بەرن.

لەماوەی شارستانەتیی شەپۆلی یەکەم دا هەموو ئەو کەناڵانە لە پاوانی دەوڵەمەندو دەسەڵاتداران دابوون. خەڵکی ئاسایی دەستی بەمانە رانەدەگەیشت. هەروەك لورین زیلیا کوسی مێژوونووس دەنووسێ :"ناردنی نامەو بەڵگە بە رێگەی دیکە دا لەلایەن کاربەدەستانەوە بە بەدگومانییەوە سەیری دەکرا یان هەر قەدەغە بوو." بە کورتی مادام کە ئاڵوگۆڕی زانیاری بە شێوەی رووبەڕوو بۆ هەموو کەس دەگونجا، سیستەمە نوێیەکانی ئاڵوگۆڕی زانیاری هەورازتر لە ئاستی بنەماڵە یان گوندێك دا تەنیا بە مەبەستی کۆنترۆلی کۆمەڵایەتی یان سیاسی بوو. لە راستی دا چەکی تایبەتی بوو لە بەر دەستی هەڵبژاردەکان دا.

شەپۆلی دووهەم هەر بەو جۆرەی سەرانسەری وڵاتانی دەتەنی، ئەم پاوانخوازییەی پێوەندییەکانی تێك شکاند. ئەمەش لەبەر ئەوە نەبوو کە دەوڵەمەندەکان لە پڕ بەهۆی هەستی مرۆڤدۆستییەوە بەجێی بگەیەنن. بەڵکوو تەکنۆلۆژیی شەپۆلی دووهەم‌و بەرهەمی زۆری کارخانەکان پێویستیی بە "دۆزینەوەی" زانیاریی زۆر هەبوو و ئەمەش لە دەست کەناڵە کۆنەکان نەدەهات.

ئەو زانیاریانەی بەرهەمی ئابووریی کۆمەڵگە سەرتاییەکان‌و کۆمەڵگەکانی شەپۆلی دووهەم پێویستیان پێیان هەبوو، بە نیسبەت سادە بوون، وابوو کە لە رێگەی ئەو خەڵکەی لێی نزیك بوون، دەست دەکەوت. زۆربەیان سەرزارەکی‌و بە هێما ئاماژە بوون. ئابووریی شەپۆلی دووهەم بە پێچەوانەوە پێویستیی بە پێکهێنانی هاوئاهەنگی نزیك لەو کارانە دابوو کە لە یەك کات‌و چەندین شوێن دا ئەنجام دەدرێن. پێویست بوو کە نەك هەر کەرەسەی خاو بەڵکوو بە رادەیەکی زۆر زانیاری بەرهەم بێنێ‌و بە وردی دابەشی بکا.

هەبۆیە بە بەهێز بوونی شەپۆلی دووهەم، وڵاتان لە پێکهێنانی خزمەتە پۆستییەکان دا دەستیان کرد

بە پێشبڕکێ. ئیدارەی پۆست راست بەقەد مەکینەی لۆکە شووشتنەوەو مەکینەی رستن لەبەر چاوی کۆمەڵگە داهێنانێکی بە سوودو خەیاڵی بوو. ئێستا هەموو کەس لەبیری چۆتەوە کە ئەوکات چ خۆشیو شادییەك بەرپا کرا. قسەزانی ئەمریکایی ئێدوارد ئیفیرێت رای گەیاند :" ناچارم پاش مەسیحییەت، ئیدارەی پۆست وەك دەستی راستی شارستانەتیی مۆدێرنمان بە حیساب بێنم." چونکە ئیدارەی پۆست یەکەم کەناڵی کراوەو بەرینی بۆ پێوندییەکانی ناوچەی پیشەسازی دابین دەکرد. تا ساڵی ١٨٣٧ ئیدارەی پۆستی بەریتانیا نەك هەر پەیامی هەڵبژاردەکان بەڵکوونزیکەی ٨٨ میلیۆن بوخچەی پۆستیی لە ساڵێك دا دەگواستەوە کە بە پێوانەی ئەوکات رنوویەك لە پێوەندییەکان بوو. لە ساڵی ١٩٦٠ دا کە تەقریبەن لووتکەی پیشەسازیی ناوچەکە بوو، شەپۆلی دووهەم لرفەی خۆی دەست پێ کرد و ئەم ژمارەیە گەیشتە دە میلیارد. هەر لەم ساڵە دا ئیدارەی پۆستی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا ٣٥٥ بوخچەی پۆست کراوە نێوخۆییەکانی بۆ هەر تاکێك چ پیاو چ ژن یان منداڵ لە نێوخۆی وڵات دا راگواست.

بەهەر حاڵ شەپۆلی خرۆشاوی پەیامە پۆستییەکان کە هاوکات بوو لەگەڵ شۆرشی پیشەسازی، نیشاندەری قەوارەی واقعیی ئەو زانیاریانەیە کە رەوتەکەی بە سەرهەڵدانی شەپۆلی دووهەم دەستی پێ کرد. تەنانەت ژمارەیەکی زیاتریش پەیام لەرێگەیی ئەوەی کە پێی دەڵێن سیستەمە چکۆڵەکانی پۆست لە نێو رێکخراوە گەورەکان دا وەگەڕ کەوت. یادداشتەکان ئەو نامانەن کە قەت نایەنە نێو کەناڵی پێوەندییە گشتییەکانەوە. ساڵی ١٩٥٥ لە لووتکەی "شەپۆلی دووهەم" لە ویلایەتە یەکگرتووەکان دا، کۆمیسیۆنی هۆڤەر چاوی بەسەر فایلی سێ کۆمپانیای گەورە دا خشاند کە لە یەکێکیان دا ٣٤هەزار، لە یەکێکیان دا ٥٦ هەزارو لەوی دیکەیان دا ٦٤هەزار بەڵگەو یادداشت لە فایلی هەرکام لە کارمەندە مووچەخۆرەکانیان دا دۆزرایەوە!!

لەلایەکی دیکە پێویستییەکانی خێراو روو لە گەشەی کۆمەڵگە پیشەسازییەکان نەی دەتوانی بەتەنیا لە رێگەی نووسینەوە دابین ببێ. هەربۆیەش لە سەدەی ١٩ دا تەلەفۆنو تەلەگراف داهێنران تاکوو بە نۆبەی خۆیان بەشێك لە قورسایی پێوەندیی ئاوساو بخەنە سەرشانیان. لە ساڵی ١٩٦٠ دا ئەمەریکاییەکان لە رۆژ دا نزیکەی ٢٥٦ میلیۆن جار بە تەلەفۆن دواون، نزیکەی ٩٣ میلیارد جارلە ساڵێکدا. تا ئەو رادەیە هێڵی پێشکەوتووترین تۆڕو سیستەمی تەلەفۆنی جیهان پڕ بوو.

لە ئەساس دا ئەمانە سیستەمێك بوون کە لە یەك کات دا پەیامیان لە دەزگایەکی بڵاو کردنەوەوە بۆ وەرگرێك دەنارد. بەڵام کۆمەڵگەیەك کە بەرهەمی زۆرو مەسرەفی زۆری پێك هێناوە، بە شێوەیەك پێویستیی بە ناردنی پەیامە زۆرەکانیشی هەیە. ئەمە بەو مانایەیە بڵاوکەرەوەیەك بتوانێ لە یەك کات دا لەگەڵ ژمارەیەکی زۆر وەرگر پێوەندیی هەبێ. بە پێچەوانەی خاوەن کاری سەردەمی پێش پیشەسازی کە دەیتوانی بۆخۆی لەگەڵ هەرکام لە

کارمەندانی ئەگەر پێویست بێ تەنانەت لە ماڵەکانیشیان دابێ، قسە بکا. خاوەن کاری پیشەسازی ناتوانێ لەگەڵ هەزاران کرێکارو کارمەندەکانی یەك بەیەك پێوەندیی هەبێ. کۆمەڵگەی شەپۆلی دووهەم بەمەبەستی ناردنی پەیامێك بۆ ژمارەیەکی زۆر لە خەڵك پێویستیی بە ئامرازی بە هێز هەبوو کە هاوکات، کەم خەرج، خێراو موعتەبەر بێ. سەیریش نیە کاتێك دەبینین دەزگایەکی ئەوتۆ دادەهێنێ.

خزمەتە پۆستییەکان دەتوانن پەیامێك بۆ چەند میلیۆن کەس بنێرن بەڵام بە خێرایی، تەلەفۆن دەتوانێ پەیامێك بۆ چەند میلیۆن کەس بنێرێ بەڵام نەك لە یەك کات دا. ئەم کەلەبەرە دەبووا بە راگەیەنە گشتییەکان پڕ بووبایەوە. دیارە ئەمرۆ بڵاو بوونەوەی گۆڤارو رۆژنامەیەکی زۆر بۆتە بەشێك لە ژیانی رۆژانەی وڵاتانی پیشەسازی. سەرهەڵدانی ئەم چاپەمەنیانە لە وڵاتێك دا رەنگدانەوەی پەرە گرتنی هەمەلایەنەی زۆر لە تەکنۆلۆژییەکانی پیشەسازیی نوێو پێکهاتە کۆمەڵایەتییەکانە. کەوابوو هەر بەوجۆرەی ژان لوویی سێرڤان شرایبەر دەنووسێ :" ئەم چاپەمەنیانە تەنیا بە دەستاودەست کردنی هاتنی شەمەندەفەرەکان لە وێستگەیەك بۆ راگواستنی چاپەمەنی بۆ سەرانسەری وڵات (لە پانتای وڵاتانی ئورووپایی دا) لە ماوە رۆژێك دا، ماشێنە چاپییەکانی ریتاتیۆ کە توانای چاپی دەیان میلیۆن نوسخەیان لە چەند سەعات دا هەیە، تۆرێکی تەلەفۆنو تەلەگراف، لەوەش هەورازتر کە گشت خەڵك لە سیستەمی فێرکردنی بە کۆمەڵ دا فێری خوێندن بوون، پیشەسازییەك کە پێویستیی بە بڵاو کردنەوەی بەرهەمە زۆرەکانی خۆی هەبوو، وەدی هات."

لە هەموو راگەیەنە گشتییەکان دا، رادیۆ، رۆژنامەو تەلەفیزیۆن، ئێمە دیسان ئوسووڵە بنەڕەتییەکانی کارخانە بە زەقی دەبینین. هەموویان مۆری تاقە پەیامێك لە زەینی مرۆڤەکان دەدەن. راست وەکوو کارخانەکان کە بەرهەمی وەك یەك بۆ چەندین میلیۆن کەس دەدەنە دەرەوە. پەیامە هاوسەنگەکان کە بە شێوەی زۆر بەرهەم دێن، وەك ئەو کاڵا هاوسەنگانە دەچن کە بە رادیەکی زۆر دروست کراون و لە لایەن چەند کارخانەی گومانسازییەوە وەك سێڵاو بەرەو میلیۆنان کڕیار دەچنە خوار. بەبێ ئەم سیستەمە بەربڵاوو بەهێزە بۆ وەگەڕ خستنی زانیارییەکان شارستانەتیی پیشەسازی نەی دەتوانی پێك بێ یان کاری خۆی بە باشی بکا.

کەوابوو لە وڵاتانی پیشەسازی دا، چ سەرمایەداری چ سۆسیالیستی "دۆخێکی زانیاری" ی پێشکەوتوو پێك هات. واتە کەناڵێکی پێوەندی کە پەیامە فەردیو گشتییەکانی وەك کاڵا یان کەرەسەی خاو بە باشی پێدا بڵاو بکاتەوە. ئەم "دۆخە زانیاری"یەو " دۆخە کۆمەڵایەتی"یە یەکیان گرتو کەوتنە خزمەت ئەمان و لە هاوئاهەنگ کردنی بەرهەمی ئابووری لەگەڵ هەڵسوکەوتی مرۆڤ دا یارمەتیی دان.

هەرکام لەم بوارانە لە سیستمێکی گەورەتر دا ئەرکێکی گرنگی لەسەر شان بوو. بە هیچ جۆر بەبێ ئەوی دیکە نەی دەتوانی درێژە بە ژیان بدا. دۆخی

تەکنیکی بەرهەم و دابەشکردنی دارایی لەسەر شان بوو، دۆخی کۆمەڵایەتی بە هەزاران ڕێکخراوو نەزمی پێکودەوە بەستراو، ئەرکی بۆ تاکەکان دیاری کرد. دۆخی زانیاری، زانیاریی پێویستی بۆ تێکۆشانی سیستەمەکە بەگشتی دابەش دەکرد. ئەمانە هەموویان پێکەوە بناغەی کۆمەڵگەیان پێك دێنا.

کەوابوو ئێمە لێرە دا نەخشەیەك لە پێکهاتە ناسراوەکان لە هەموو وڵاتانی شەپۆلی دووهەم، دابنێین، سەرەڕای جیاوازییە فەرهەنگیو جوگرافییەکانیان، سەرەڕای فەرهەنگی ئایینیو نەتەوەییان، و سەرەڕای ئەوە کە خۆیان بە سەرمایەدار یان کۆمۆنیست دەزانن.

ئەم پێکهاتە وەك یەکانە کە لە رووسیەی سۆڤیەت و هەنگاریا هەر بەو رادەیە ئەساسین کە لە ئەڵمانی رۆژئاوا ، فەرانسە، کانەدا، ئەمانە هێندێك سنوور دادەنێن کە تەنیا دەتوانن جیاوازییە سیاسی، کۆمەڵایەتی و فەرهەنگییەکان نیشان بدەن. ئەم پێکهاتانە لە هەموو جێگەیەك دا تەنیا پاش کێشە تاڵە سیاسیو ئابوورییەکان لە نێوان لایەنگرانی پاراستنی پێکهاتە کۆنەکانی "شەپۆلی یەکەم" و ئەوانە دا کە باوەڕیان وایە تەنیا لە شارستانییەتیەکی نوێ دا کە دەتوانێ گیرو گرفتە ناخۆشەکانی رابردوو چارەسەر بکا، دەردەکەوێ. شەپۆلی دووهەم پانتاییەکی سەرسوڕهێنەری لە هیواو هومێدەکانی مرۆڤی لەگەڵ خۆی دا هێنا. بۆ یەکەم جار ژنو پیاو غیرەتیان وەبەر خۆیان نا تا باوەڕ بکەن بەوەی کە هەژاریو برسێتی، نەخۆشیو دیکتاتۆری لەنێو دەچن. نووسەرانو فەیلەسووفانی ئایدیالیست لە ئایە مۆرلیو رۆبێرت ئوونەوە بگرە تا سەنت سیموون، فووریە، پرۆدۆن، لوویی بلان، ئیدوارد بەلامی، و زۆر کەسی دیکەش ، پوتانسیەلێکی بەهێز بۆ ئاشتی، یەکیەتیو هاوئاهەنگی، کار بۆ هەمووان، بەرابەری سامان و ئیمکانات، کۆتایی هاتنی ئیمتیاز بە هۆی میراتەوە، و هەلومەرجێك کە لە ماوەی سەدان هەزار ساڵ ژیانی سەرەتایی، هەزاران ساڵ شارستانەتیی کشتو کاڵ دا هەبوونو وا دەهاتە بەرچاو کە هەتا هەتایینو کۆتاییيان نایە، لە شارستانییەتی روو لە گەشەی پیشەسازی دا بەدی دەکرد. ئەگەر شارستانەتیی ئەمرۆ شتێك کەمتر لە حاڵەتە ئایدیالیستییەکەی دێتە بەرچاو، ئەگەر لە راستی دا زاڵمو تاقەت پڕووکێنە، دژی ژینگەیە،شەڕخوازو دەروون سەرکوتکەرە، دەبێ بزانین بۆ؟ کاتێك دەتوانین وەڵامی ئەم پرسیارە بدەینەوە کە بتوانین لە کەلەبەرێکی گەورە بکۆڵینەوە کە بۆتە هۆی دابەشبوونی دەروونی مرۆڤی شەپۆلی دووهەم بۆ دوو بەشی دژ بەیەك.

سەرچاوە: سایتی ئایەندە نگەر